# زەكاتی دانەوێڵە وبەروبووم

[ kurdish – کوردی – كردي ]


موحەمەد صاڵح المنجد



**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ زكاة الحبوب والثمار ومقدار النصاب فيها ﴾

« باللغة الكردية »

محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

موقع الإسلام سؤال وجواب

2012 - 1433

IslamHouse.com

# زەكاتی دانەوێڵە وبەروبووم

**پرسیار :** ئایا زەکاتی دانەوێڵە وبەروبووم چۆنە؟ وە ئایا نیصابیان چەندە ؟

**وەڵام :** الحمد لله والصلاة والسلام علی رسول الله وعلی آله وصحبه وسلم.

یەکەم : بە کۆدەنگی زانایان زەکات لە دانەوێڵە وبەروبوومدا واجبە.

ابن القدامة ئەڵێت : زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی زەکات لە گەنم و جۆ و خورما ومێوژدا واجبە، ئەمەش ووتەی هەریەك لە ابن المنذر وابن عبدالبر یشە { المغنی ٢/٢٩٤} .

بەڵگەش لەسەر واجبی زەکاتی دانەوێڵە وبەروبووم، خوای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ وَآتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ ﴾ {الانعام :١٤١} واتە : لەڕۆژی چنین و دروێنە مافی (هەژارانی) لێبدەن .

زەکات لەو دانەوێڵانەدا واجب دەبێت کە دەپێورێن و هەڵدەگیرێن، جا چی قووت بن یان ئەگەر قووتیش نەبن، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە : عن عَبْدِ اللَّهِ بن عمر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُما عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : « فِيمَا

سَقَتْ السَّمَاءُ وَالْعُيُونُ أَوْ كَانَ عَثَرِيًّا الْعُشْرُ ، وَمَا سُقِيَ بِالنَّضْحِ نِصْفُ الْعُشْرِ » {رواه البخاري بەفەرموودەی ژمارە ١٤٨٣} واتە : پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی : ئەو کشتوکاڵەی کە بەئاوی ئاسمان و کانیاوەکان ئاو دەخۆن، یان دەیمین و پێویستیان بە ئاو نییە، ئەوە دەبێت (یەك لەسەر دەی) بدرێت بە زەکاتدا، وە ئەوەشیان ئاوی بۆ هەڵدەگۆزرێت وئاودانی تێی دەچێت ئەوە دەبێت (نیو دەیەکی) بدرێت بەکاتتدا .

ئەم فەرموودەیەش فەرموودەیەکە بەگشتی باسی کردووە و هیچ جیاوازی نەکردووە لەنێوان ئەو دانەوێڵە وبەروبوومانەی کە قووتن یان قووت نین.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە پێوانە جێگای ئیعتبارە لەم مەسئەلەیەدا، ئیمامی موسلیم ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە : عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : « لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ صَدَقَةٌ » {رواه مسلم بەفەرموودەی ژمارە ٩٧٩} واتە : ئەو دانەوێڵە وبەرووبوومەی نەگاتە پێوانەی پێنج ویسق زەکاتی لێ نادرێت، ویسقیش جۆرە پێوانەیەك بوو لەو سەردەمەدا دانەوێڵە وبەروبومی پێ پێوراوە، بەنسبەت ئیعتباری مەرجی

هەڵگرتنیش، هیچ ناز ونیعمەتێك تەوا نابێت هەتاوەكو قابلیەتی هەڵگرتنی نەبێت، چونكە ئەو دانەوێڵە و بەروبوومەی قابلیەتی هەڵگرتنی هەیە بۆماوەیەكی دورودرێژ سوودی لێ دەبینرێت .

بەهوتی لە كەشاف القناعدا ئەڵێت : زەكات لەهەموو بەروبوومێكدا واجب دەبێت كە بپێورێت و قابلیەتی هەڵگرتنی هەبێت، وەك خورما ومێوژ وبادام و فوستق وبوندوق. { كشاف القناع" (٢/٢٠٥)} .

شێخ محمد بن صالح العثیمین یش(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە شەرح الممتع دا ئەڵێت : دانەوێڵە وبەروبووم زەكاتی تێدا واجب دەبێت بەو مەرجەی بپێورێت و قابلیەتی هەڵگرتنی هەبێت، خۆ ئەگەر ئەم دوو مەرجەی تێدا نەبێت ئەوە زەكاتی تێدا واجب نابێت . { الشرح الممتع" (٦/٧٠)} .

**دووەم :** زەكات لە دانەوێڵە وبەروبوومدا واجب نابێت هەتاوەكو نەگاتە (نصاب) وڕادەی خۆی، ئەویش ئەوەیە بگاتە پێنج ویسق، هەموو ویسقێكیش شەست صاعە، هەموو صاعێكیش چوار مشتە، مەبەست لە مشتیش پڕ هەردوو دەستی پیاوێكی مامناوەندە، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە : عَنْ

أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : « لَيْسَ فِي حَبٍّ وَلا تَمْرٍ صَدَقَةٌ حَتَّى يَبْلُغَ خَمْسَةَ أَوْسُقٍ » {رواه مسلم بەفەرموودەی ژمارە ٩٧٩} واتە : ئەو دانەوێڵە وبەرووبوومەی نەگاتە پێوانەی پێنج ویسق زەكاتی لێ نادرێت.

ئەندازەی ئەو زەكاتەیش كەواجبە بدرێت لەدانەوێڵە وبەروبوومدا بەپێی شێوازی ئاوخواردن وئاودانی دەگۆڕێت، ئەگەر هاتوو بەبێ تێچوونی پارەوپوڵ ونارەحەتی ئاویان خوارد، وەك ئەوەی بەئاوی باران یان كانیاوەكان ئاوبخوات، ئەوا دەبێت لەكاتی دروێنە و چنینیدا (دەیەكی) بدرێت بەزەكاتدا، خۆ ئەگەر هاتوو بەپارەوپوڵ و تێچوون ئاویان خواردەوە، وەك ئەوەی بە ماتۆڕێك یان بەلێدانی بیرێك ئاوی بۆ هەڵبگۆزێت، ئەوا دەبێت (نیو دەیەكی) بدرێت بەزەكاتدا، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە : عن عَبْدِ اللَّهِ بن عمر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُما عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : « فِيمَا سَقَتْ السَّمَاءُ وَالْعُيُونُ أَوْ كَانَ عَثَرِيًّا الْعُشْرُ ، وَمَا سُقِيَ بِالنَّضْحِ نِصْفُ الْعُشْرِ » {رواه البخاري بەفەرموودەی ژمارە ١٤٨٣} واتە : پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی : ئەو كشتوكاڵەی كە بەئاوی ئاسمان و كانیاوەكان ئاو دەخۆن، یان

دەیمین و پیویستیان بە ئاو نییە، ئەوە دەبێت یەك لەسەر دەی بدرێت بە زەکاتدا، وە ئەوەشیان ئاوی بۆ هەڵدەگۆزرێت وئاودانی تێی دەچێت ئەوە دەبێت نیو دەیەکی بدرێت بەکاتتدا .

خەطابی دەڵێت مەبەست لە دەستەواژەی (عثریا) ئەو جۆرە ڕووکانەیە کە بە ڕەگ ودەمارەکانی ئاو دەخۆنەوە بەبێ ئەوەی ئاویان بدەیت (مەبەست پێی کشتوکاڵی دەیمیە) وە مەبەست لە دەستەواژەی (النضح) یش ووشترە کە ئاوی پێی هەڵدەگیرێت بەمەبستی ئاوادانی کشتوکاڵ، ووشتریش لەم فەرموودەیەدا وەك نموونە هێنراوەتەوە ئەگینا ئەگەر بەهۆی گا و مانگاشەوە بێت یەك حوکمیان هەیە، ئەم جۆرەیش هاوشێوەی ئەو جۆرە ئاودانەیە کە ئێستا بە ماتۆڕ و ئالەتی هەڵگۆزتن ئاوی کشتوکاڵی پێ دەدرێت .

شێخ محمد صالح العثیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەم بارەیەوە ئەڵێت : حیکمەت لەم جیاوازیشە ئەوەیە ئەوەی بە ماتۆڕ یان بە ووشتر وگا ومانگا ئاوی بۆ هەڵدەگۆزرێت پارە و نەفەی زیاتری تێدەچێت، بەپێچەوانەی ئەوەی کە بەئاوی باران و کانیاوەکان ئاو دەخۆنەوە کە پارە ونەفەقەیان ناوێت، بۆیە

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕەچاوی ئەم خاڵەی کردووە، بۆیە ئەوەی بە تێچوون و نەفەقەی زیاتر ئاو دەدرێن زەکاتەکەیان لەسەر سووکتر کراوە . { الشرح الممتع" (٦/٧٧)} .

شێخ ابن بازیش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەم بارەیەوە ووتویەتی : ئەو دانەوێڵە و بەروبوومەی بە ئاوی باران وڕووبار وکانیاوەکان ئاو دەدرێن وەك گەم و جۆ و خورما و مێوژ ئەوا (دەیەکی) دەردێت بەزەکاتدا، ئەوانەیشی بە مەکینەو ماتۆڕ ئاویان بۆ هەڵدەگۆزرێت نیو دەیەکی دەدرێت لەزەکاتدا .

خوای گەورە زاناترە .